## دایە گیان ... کارزان گلی

کە منالّ بووم فێرت کردووم کە گەورەبم
نیشتمانم چۆن خۆش بوێت
فێرت کردووم کوچەو کۆڵانی ئەم شارە شەقامەکانم
وەك و چاوانم خۆش بوێت
دایە گیان.. لێم ببورە
بە منالّی زۆر جاران دلّم شکاندووی
لەشەوی دا خەوی خۆشم لی زراندووی
کاتێك بە گریان دەهاتم دلّی شیرینم کزاندووی
دایە گیان..
راستە ئێستا گەورە بوومەو
بەسەر چوو رۆژانی تالّم
وا تێنەگەی بیرت ناکەم
دەرم کردووی لە خەیالّم
چەند گەورە بم ئەی دایە گیان
لە ئاستی تۆ هەر منالّم
دایە گیان..
بەشیری پاکی مەمکانت گەورەت کردووم
بەو هەستە جوان و ناسکەت ماچت کردووم
لە چرکەیەك سەد جاران خۆت قوربان کردووم
ئێستاش دە لێم گەری دایە
با بە یادی نێو تەمەنی منالێما
بە یادی رۆژانی تالّ و هەژاریما
بە یادی گریان بۆ خاك و نەبوونیما
بە یادی رۆژانی سەختو بەد بەختیما
لە کاتی دیلی و کەلەپچەو سەربەستیما
لە دنیای خەیالّی جوان و سەرمەستیما
با بێم بۆ لات..
ماچی بکەم دەستەکانت
تێر رامێنم لە چاوانت
سەر نەوی کەم..
ماچی بکەم قاچەکانت
چۆك دادەم بۆ گەورەیی تۆ
ببمە قوربان لایلایەکەت
هەموو شوێنت هەموو گیانت

karzan_ma82@yahoo. com